

# ئامێرێکی گرنگ بۆ سەفەر و گەشتکردن

کاتێك بۆ شوێنێك گەشت دەکەن چەندین ئامێر و کەلوپەل لەگەڵ خۆتان دەبەن، چ لە هۆتێل بمێننەوە یان لە سەیرانگا و شوێنە گەشتیارییەکان پێویستتان بە هەندێك کەلوپەل هەیە، نە تەنیا لە کاتی گەشتکردندا بەڵکو لەماڵەوەش جار هەیە لە بەر شپرزەیی نازانین ئامێرەکان لە کوێ دادەنێین و کاتێکی زۆرمان لەدەست دەچێت بەگەڕان بە دوای ئامێرێکدا.. لەکاتێکی وادا ئامێری (GearEye) گرنگی خۆی هەیە. ئامێرەکە لە ماوەیەکی کەمدا ئەوەی پێویستتە بۆت دەدۆزێتەوە، لەسەرەتادا دەبێت لەزگەیەکی تایبەتی ئەلکترۆنی لە کەلوپەلەکان بدەی، دواتر ئامێرەکە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدەی لە ڕێگای ئاپێکەوە دەتوانی شوێنی دروستی هەر ئامێر و کەلوپەلێك بزانی...



# ئامێرێک بۆ نەهێشتنی پڕخەی خەو

پڕخە پڕخ کردن لە خەودا تەنیا کێشەیەك نییە بۆ خاوەنەکەی بەڵکو ئەوانەی لەلای ئەو کەسەش دەخەون تووشی بێزاری دەبن.. ڕەنگە ئێوەش یەکێك بن لەو کەسانەی پڕخە دەکەن یان کەسانێکی نزیکتان پڕخە دەکەن.. هەرچەندە دەکرێت لە ڕێگای پزیشکەوە تا ڕادەیەك چارەسەری بۆ دابندرێ، بەڵام جار هەیە بەوەش چارەی نایەت.. تەکنەلۆژیای نوێ لە بەرهەمێکی نوێدا دەیەوێ ئەو کێشەیە چارە بکات و چەند ئامێرێك تایبەت بە پرخەی خەو بەرهەمهاتوون، یەکێك لەوانە «anti-snore wearable»ە، ناوی ئامێرەکە دیارە کە بۆ چ مەبەستێکە..

کارکردی ئامێرەکە بەم شێوەیە، وەك بازووبەندێك لە دەست دەکرێت، هەرکاتێك بەکارهێنەرەکەی دەستی کرد بە پرخە کردن، بەهۆی ئاپێکەوە کەلەسەر مۆبایلە دەزاندرێ کە ئەو دەنگە پرخەیە و دەنگی دیکە نییە ئەوکاتە دەست دەکات بە لەرزین هەتا بەکارهێنەر خۆی دەسوڕێنێ و پرخەکەی بێدەنگ دەبێ. بەهۆی سیستەمی بلوتوسەوە لەگەڵ موبایل پەیوەند دەدرێ، تەنانەت پرخەی کەسێکی دیکە لە بەکارهێنەرەکەی جیا دەکاتەوە بۆ ئەوەی کە هەمیشە بەکارهێنەرەکەی بەخەبەر نەهێنێ..




# مۆبایل دەبێتە تاقیگەی گرفتی نەزۆکی

هۆکارەکانی نەزۆکی تەنیا تایبەت نییە بە یەکێك لە دوو رەگەزەکانەوە، نەخۆشی و هۆکارەکانیش بۆ هەردوو رەگەزەکان دەگەڕێتەوە. کاتێك سەردانی دکتۆری تایبەت بە نەزۆکی و منداڵ نەبوون دەکرێت، تاقیکردنەوە لەسەر هەردوو رەگەزەکە دەکات بۆ ئەوەی بزانرێ هۆکارەکە لە کامەیانە..

لەم سەردەمەدا کە مۆبایل زۆر ئەرکی پزیشکی ئەنجام دەدات داهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێ ئامێرێکی پەیوەست بە مۆبایلیان بەرهەم هێناوە کە هۆکاری نەزۆکی لە پیاواندا دەستنیشان دەکات.. ئەو ئامێرە تێستی سپێرم لە پیاواندا ئەنجام دەدات.. بەرلەوەی پیاوێك بچێتەلای پزیشك دەتوانی لەماڵەوە خۆی تاقی بکاتەوە ئەویش بە دانانی سپێرم لەسەر ئامێرەکە و هەتا بزاندرێ چ کێشەیەکی هەیە.. ئامێرە بچووکە بە لێنزی کامێرای مۆبایلەوە پەیوەند دەدرێ و لەودا جوڵەی سپێرمەکان دەزاندرێ ..

# ئامێرێکی گرنگ بۆ ناو ئۆتۆمبیل






کارکردن بە مۆبایل لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبیلدا زۆرجاران دەبێتە هۆی روودانی کارەساتی قەرەبوو نەکراو..
بۆیە لە زۆربەی وڵاتاندا ئەوانەی لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبیلدا مۆبایل بەکار دێنن سزا دەدرێن.. هەرچەندە ئۆتۆمبیلە نوێیەکان کەلەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێن کێشەیەکی ئەوتۆیان نییە و شوفێر دەتوانی بەبێ ئەوەی دەست بۆ مۆبایل بەرێت وەڵامی پەیوەندییەکان بداتەوە...

ئامێرێکی تایبەتیش بۆ گشت ئۆتۆمبیل بۆ کارئاسانی شۆفێر بە مۆبایل بەناوی (Dashbot) بەرهەم هاتووە، بەئاسانی لەسەر دەشبۆرد جێگای دەبێتەوە، لە رێگای بلوتوسەوە بەمۆبایل پەیوەند دەدرێت، ئەوکات تەنیا لەرێگای فەرمانی دەنگییەوە دەتوانی ئەرکەکانی ئەنجام بدەی، وەك گۆڕینی دەنگ و گۆرانی، وەرگرتنی پەیوەندی و گرتنی پەیوەندی، بەڕێکردنی پەیامەکان و وەرگرتنی پەیامەکان، بەگشتی زۆربەی ئەرکە گرنگەکانی مۆبایل ئەنجام دەدات..







## پرۆگرامێکی گوگل بۆ نیشاندانی شوێنی جوگرافی خۆت



گوگل لەم ماوەیەدا ئاپێکی نوێی بۆ مۆبایل و سیستەمی ئەندرۆید بەرهەم هێناوە کە بەهۆیەوە بەکارهێنەر دەتوانێ شوێنی جوگرافی خۆی بۆ ئەندامانی بنەماڵەی خۆی یا هاوڕێیانی بەرێ بکات. پرۆگرامی Trusted contacts لە کاتە زۆر هەستیارەکاندا زۆر بە سوودە بۆ ئەوکاتانەی کە بەکارهێنەر دەکەوێتە مەترسی یان ڕووداوێکی بۆ دێتە پێش بۆ ئەوەی کە بە ئاسانترین شێوە بزاندرێ شوێنی جوگرافی لە کوێیە. کاتێك پرۆگرامەکەت دابەزاندە سەر کۆمپیوتەر، دەبێت ئەو کەسانە دەست نیشان بکەی کە نیازت هەیە شوێنی جوگرافیت بزانن، دەتوانی هەتا ٥٠ بەکارهێنەریش پێوە زیاد بکەی، ئەگەر لە ماوەی ٥ خولەکەدا شوێنی خۆت نەکەی هاوبەش و بۆ هاوڕێیانت نەنێری بەشێوەی ئۆتۆماتیکی دوایین شوێنی جوگرافی تۆ وەردەگرن.

گوگڵ دەڵێت پرۆگرامەکە نە تەنیا ئەوکاتەی کە مۆبایلەکە هێڵی ئینتەرنێتی هەیە و ئانلاینە کار دەکات بەڵکو ئەو کاتانەی کە ئۆفلاینیشە ئەرکی خۆی ئەنجام دەدات، کاتێك کە شوێنی خۆت بۆ کەسێك نارد، وەرگرەکە لەسەر نەخشە جوڵەی تۆ دەبینێ کە بەرەو چ لایەك هەنگاو دەنێی..

## خەوتن لە جیهانی دیجیتالیدا

لەو چەند ساڵەی دواییدا گۆڕانکاری گەورە لە سیستەمی خۆراك و خەودا پێکهاتووە، سەردەمی خۆی منداڵان هەر لەسەر لە ئێوارە دەنووستن، بەڵام ئێستا ئەوانیش وەك گەورەکان هەتا نیوەشەو دادەنیشن، گەورەکانیش تووشی کێشەی خەو زڕان و کەمخەوی و خەوی نائارام بوونەتەوە. لەکاتێکی وادا پەنا بۆ ئامێرە دیجیتالییەکان دەبەن بەڵکو ئاسوودەیی و خەویان بۆ بگەڕێنێتەوە.

ئامێرێکی هۆشمەند بەناوی nightingale بەرهەم هاتووە کە لاسایی شەپۆلە دەنگییەکانی دەوروبەر دەکاتەوە و ناهێڵێت دەنگی زیادی بۆ ژوورەکە بێت و هەلومەرجی خەوێکی ئارام بۆ بەکارهێنەرەکەی دەڕخسێنێ.

خەو لە لای ڕووبار یا لەسەر کانییەك یا لەژێر سێبەری داران لەگەڵ خەو لە ژووره تاریکەکاندا فەرقی هەیە، بۆیە ئەو ئامێرە دەنگی خوڕەی ڕووبارێك، قەڵبەزەی کانییەك، مەل و باڵندەی دارستان لە ژوورەکەدا بڵاو دەکاتەوە. خۆی ئامێرەکە لە دوو بەش پێکهاتووە یەکەمیان ئیزن نادا دەنگە دەنگی دەرەوە وەك گرەی و زرمەی ماشێن و دەنگی تەلەڤزیۆن و دەنگە دەنگ و ژاوەژاو بێتە ژوورەوە یەکەمیان دەنگی ئارامبەخش بڵاودەکاتەوە.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێك



**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت سیستەمی ٤G لە ئینتەرنێتی مۆبایلدا چییە؟**

خوێنەری بەڕێز لە سەرەتادا مۆبایلەکان زۆر سادە بوون، تەنیا دەیانتوانی پەیوەندی دابمەزرێنن و کورتەپەیامێك بەرێ بکەن، ئەمە پێی دەگوترا ٢G پاشان سیستەمی مۆبایل پەرەی پێدرا و بوو بە ٣G ئەو سیستەمە دەیتوانی دەنگ و ڕەنگ بگوازێتەوە بەڵام بە خێراییەکی کەم.. دوای ئەوە خزمەتگوزاری سیستەمی G٤ هاتە کایەوە، کە چەندین قات خێراترە لە سیستەمی پێشوو، دەتوانێ فایلێکی دە میگابایتی لەم سیستەمەدا لە چرکەیەکدا دابەزێنی بەڵام لە سیستەمی ٣G پێویستت بە ٢٠٠ چرکە واتە لە سێ خولەك زیاترە..



# شاشەیەک بۆ چاویلکەکان

پێدەچێ چاویلکەی سمارتی گوگل نەگەیشتبێتە ئەو ئەنجامەی کە چاوەڕێی لێدەکرا، هەرچەندە کۆمپانیای دیکەش لەم بوارەدا خۆیان تاقیکردۆتەوە. کۆمپانیایەك شاشەیەکی سمارتی بۆ گشت چاویلکەیەك بەرهەم هێناوە، شاشەیەك کە دەخرێتە سەر چاویلکەکان و بەهۆیەوە دەتوانی فیلمی سەر مۆبایل و تەبلێت و ئامێرە دیجیتاڵییەکان لەسەر شاشەی تایبەتی (Viofine+) ببینی. نە تەنیا مۆبایل و تەبلێت بەڵکو دەتوانی فیلم و وێنەی سەر تەلەڤزیۆن و کامێرای پەهبەهادەکان ببینی.. ئەم شاشە بچوکە پێویستی بە هیچ ئەپلکەیشن و رێکخستنێکی تایبەتی نییە، دەتوانی وێنەکان بە کوالیتی HDMI راستەوخۆ ببینی. سەرەڕای ئەوەش دەتوانی بە نیشاندانی نەخشەی ئۆنلاین لەسەر (ڤیوفاین پلاس) بەبێ ئەوەی جارێکی دیکە مۆبایلەکەت بکەیەوە ببینی. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانی پێکەوە لە یەك کاتدا سەیی دوو فیلمی لێك جیاواز وەك (هونەری چێشت لێنان و یان راهێنانی وەرزشی) بکەی..





## ماڵپەڕی فێرکاری زمانی ئینگلیزی بێ بەرامبەر

بەرپرسانی کتێبخانەی گشتی نیویۆرك کە گەورەترین کتێبخانەی گشتی جیهانە، چەند سایتێکی ناساندووە بۆ فێرکاری زمانی ئینگلیزی بەشێوەیەکی پیشەیی و بێبەرامبەر خزمەتگوزاری بۆ گەورەساڵان و فێرخوازانی زمانی ئینگلیزی داندراون.. سایتی http://easyworldofenglish.com/ یەکێکە لەم سایتانە، ئەم سایتە سەرنج راکێشە لە چوار بەشی سەربەخۆ پێکهاتووە، رێزمان، دەربڕین، خوێندن و قاموسی وێنەیی، لە هەرکام لەو بەشانەدا فێرخواز دەتوانێ گوێ لە فایلی دەنگیش بگرێت، جگە لەوەش فایلی دەنگ و رەنگیشی لە سایتی یوتیوب داناوە..